له لای پێغەمبەری خودا بووین -صلى الله عليه وسلم- وقورئانمان کۆدەکردەوە له کاغەزەکانەوە، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: توبا بۆ شام

له زەیدی کوڕی سابیتەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «له لای پێغەمبەری خودا بووین -صلى الله عليه وسلم- وقورئانمان کۆدەکردەوە له کاغەزەکانەوە، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «توبا بۆ شام*»، ووتمان: بۆچی ئەی پێغەمبەری خودا؟، فەرمووی: «چونکە فریشتەکانی خودای میهرەبان باڵەکانیان بەسەریدا بڵاو دەکەنەوە». *(توبا بۆ شام: واتە شام بە بەرەکەت بێت وژیانی خەڵکەکەی خۆش وئارام بێت)

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

زەیدی کوڕی سابیت -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە ئەوان لە لای پێغەمبەری خودا بوون -صلى الله عليه وسلم- وقورئانیان کۆدەکردەوە لەو کاغەزانەی قورئانیان لەسەر نووسیبوو، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (توبا بۆ شام)*، ووتیان: بۆچی ئەی پێغەمبەری خودا؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (چونکە فریشتەکانی خودای میهرەبان باڵەکانیان بەسەریدا بڵاو دەکەنەوە): واتا بە باڵەکانیان دەوری شام دەدەن ودەیپارێزن، وبۆیە بەرەکەت وپیرۆزی بەسەریدا دادەبەزێت، وئازار وزیانەکانی لێدوور دەکەوێتەوە، ولە کوفر وفیتنەکان دەپارێزێت. ئایا ئەمە بەردەوامە هەتاوەکو کاتی ئێمە یان مەبەست لە فەرموودەکە سەردەمی یەکەمە لە پاش سەردەمی پێغەمبەرایەتی؟ وفەرموودەکە گشتییە، ومەرج نییە بۆ هەموو سەردەمێک بێت، وخودا زاناترە -واللە اعلم-. *(توبا بۆ شام: واتە شام بە بەرەکەت بێت وژیانی خەڵکەکەی خۆش وئارام بێت)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10561